# بڕیارو راسپاردەکانی کۆبونەوەی فراوانی ناوەندی هەڵەبجە لە کوردستان

**CHAK-KURDISTAN**

لەکەرکوك 20 / 1 / 2006

## بڕیارەکان:

* بارەگای گشتی ناوەندی کوردستانی چاك لە پایەتەختی هەرێمی کوردستان دەبێو،هەروا وەك سەنتەرێکی گشتی کاروباری سەرجەم ناوەندی هەڵەبجە چاك کە پەیوەنددار بێ بە ناوەوەی وڵات بەڕێوە دەبات.

* تۆمارکردنی داواکاری لە دادگای لێکۆڵینەوەی تایبەت بە تاوانەکانی رژێمی گۆڕبە گۆڕ , دژ بەو تاوانبارانەی کە لە جینۆسایدکردنی گەلی کوردستان و پێشێلکارییە گەورەکانی مافی مرۆڤ دەستیان هەبووە.

* بەسیستەماتیك کردنی میکانیزمی کارکردنی ناوەندی هەلەبجە لە کوردستان , لەسەر بنەمای کاری دامەزراوەیی سەردەم و شارەزایی و لێهاتویی لە کارو چالاکییەکاندا.

* نابێ ئەوانە لە ناوەندی هەڵەبجەوەربگیرێن کە لە ریزی حزبی بەعس کاریان کردبێ, یان لە پرۆسێسەکانی جینۆساید و پێشێلکارییەکانی دژ بە مافەکانی مرۆڤ بەشدار یان هەبێ.

* رێکخستنی کاروباری دارایی چاك بە سیستەم و رێنماییە یاساییەکانی ژمێریاری, بەو پێیەدەبێ راپۆرتی ساڵانەی دارایی ناوەند لە 1 کانونی دووەم دەسپێبکاو لە 31 کانونی دووەم دابخرێت, هەروا پێویستە لەکاروباری داراییو پلانی کارو بڕیاروەرگرتن و جێبە جێکردندا, هەرو ا سەرلەبەر بوارەکانی دیکەی کارو چالاکیدا: رەوشەنی, لێپرسینەوە و پرنسیبەکانی دیموکراسی و کاری بە کۆمەڵ رەچاوبکرێ

## راسپاردەکان:

٭ ئامادەکردنی پرۆژەی تایبەت بۆ پێشخستنی ژیان و گوزەرانی خێزان و کەسوکاری قوربانیانی دەست تاوانەکانی رژێمی گۆڕبە گۆڕ, لە بوارەکانی خزمەتگوزاری کۆمەلأیەتی , ژیاری,کەلتووری, پەروەردەو..تاد..

٭ داواکرا کە ناوەندی هەڵەبجە لەکوردستان و ولأتانی دیکە وەك رێکخراوێکی ناحکومی ئینتەرناشیونالی مرۆیی,کۆمەلأیەتیو داکۆکیکەر لە مافەکانی مرۆڤ خۆی بناسێنی,هەروا پرسی کیمیاباران,ئەنفالەکان و جینۆسایدی گەلی کورد بە ستراتیژ ی وەربگرێ, هەروەك لەرابردووش لەو بوارە هەوڵی باش دراوە, بۆیە وا باشە چاك خۆی لە بانگەشەی سیاسی راستەوخۆ وەدوور بگرێت,وەك ناوەندێکی سەربەخۆ لە پاڵ دامەزراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی کار بکا.

٭ئاراستەکردنی سوپاسنامە بۆ رای گشتی کوردستان و جیهان, پەرلەمانی کوردستان و میدیاکان و دامەزراوەو کەسایەتییە مەدەنی و حکومییەکان لە بەرانبەر هەڵویست و پشتیوانیکردنیان بۆ هەوڵەکانی چاك لە هەڵمەتی دادگاییکردنی فرانس ڤان ئەنرات.

٭ ئامادەکردنی لێکۆڵینەوە, راپۆرت و ئامار دەربارەی دۆسیەکانی دادگایی تاوانباران, گۆڕە بە کۆمەڵەکان, دیکۆمێنتەکان, قەرەبوکردنەوەی قوربانیان,هەروا چۆنیەتی بەشداریکردنی خێزان و کەسوکاری ونبو و ئەنفالکراوانی کوردستان لە چارەسەری کێشەو داواکارییەکانیان و دەستەبەرکردنی داواکارییەکانیان.

٭ پێویستە چاك چالاکانە بەشداری بکات, لە بەرنامەکانی بەشی مافی مرۆڤ ی نەتەوە یەکگرتووەکان (یۆنامی) سەبارەت بەکاراکردنی پرۆژەی دامەزراندنی سەنتەری نیشتمانی ونبو و بێسەروشوێنەکانی عێراق, کە ناوەندی هەڵەبجە لە بەرنامەکانی دامەزراندنی ئەو سەنتەرە بەشداری هەیە, هەر لەو پێناوەدا لەگەڵ ( لێژنەی نێودەوڵەتی ونبوان)و تۆڕەکانی خێزانی ونبوان و قوربانیانی‌ئەشکەنجەو تیرۆر و داکۆکی لە مافەکانی مرۆڤ لە ولأتانی بەلکان و ..تاد..کاردەکات.

٭ لە پێناو زانیاری پەیداکردن و دۆزینەوەی گۆڕە بە کۆمەڵەکانی گەلەکەمان و ئاسانکاری هێنانەوەیان بۆ زێدی خۆیان, پێویستە هەماهەنگی و تورپەندی لەگەڵ رێکخراو کۆمەڵەکانی شارە کانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق پێك بهێنرێ.

٭ هاوکاری و کاری پێکەوەیی لەگەڵ ئاژانسەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان و رێکخراوەکانی نا حکومی نێوخۆیی و نێودەوڵەتی کە لە بواری داکۆکی لە مافەکانی مرۆڤ و بلأوکردنەوەی هۆشیاری مەدەنی و کەلتووری دیموکراسی لە ناوەوەو دەرەوەی کوردستان کار دەکەن .

★ بەهێزکردنی پەیوەندی کارکردن لەگەڵ بەشی مافی مرۆڤ لە پەرلەمانی کوردستان و وەزارەتی مافی مرۆڤ و هەموو ئەو وەزارەت ودامەزراوەحکومیانەی هەرێمی کوردستان وعێراق کە لەگەڵ دۆسیەی کیمیاباران,ئەنفال و مافەکانی مرۆڤ , هەروا خێزان و کەسوکاری قوربانیان پەیوەندارن.

★ فراوانکردن کاروچالاکی فدراسیۆنی (فدك) ی رێکخراوو کۆمەڵەکانی پرسی ئەنفال و کیمیاباران و هەوڵدان بۆ پێکهێنانی تۆرێکی فراوانی سەرانسەری گشت ئەو رێکخراو و کۆمەڵانەی کە لە بواری داکۆکی لە کەسوکاری قوربانییەکان و مافەکانی مرۆڤ کار دەکەن,بۆ ئەوەی دواتر لە سەر ئاستی عێراق ,رۆژهەڵاتی ناوین و نێودەوڵەتی تۆڕبەندی بکرێت, بۆ ئەوەی ئەو تۆڕە چالاکانە لە ئالووێری ئەزمون و شارەزایی سوود وەربگرێ و لە پڕۆسێسی گۆڕانکارییەکان و داکۆکیکردن لە مافەکانی مرۆڤ و مافەکانی مەدەنی هاوڵاتیان و دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگاو عەدالەتخوازی بەشداری بکاو,بە لەخۆبوردەیی نوێنەرایەتی خێزان و کەسوکاری ونبو و ئەنفالکراوەکانی گەلەکەمان بکات , لە راپەڕندنی کارنامەی سەنتەری نیشتمانی ونبو و بێسەروشوێنەکانی عێراق.

★ داوا لە گشت لقەکانی ناوەندی هەڵەبجە لە ناوەوەو دەرەوە کرا, کەواهەوڵ بدرێ کاروباری گشتی ناوەند لە سەرجەم بوارەکاندا, بە سیستەماتیك بکرێ

★ پێویستەئەندامانی چاك سوود لەو ووۆرك شۆپ, خولی راهێنان و کۆنفرانسانە وەربگرێ, کە لە لایەن ژمارەیەك رێکخراوی نا حکومی ئینتەرناشیونال و نێوخۆیی لە شار و شارۆچکەکانی کوردستان بەرێوەدەچن, بۆ بیناکردنی تواناو بەشەری و رێکخراوەیی و بوارەکانی هۆشیاری دیموکراسی, مافەکانی مرۆڤ, کەلتوری مەدەنی, میدیای ئازادو ... تاد...

.★ خستنە بەر گفتوگۆی فراوانی بەرنامەو پێڕەوی نێوخۆی ناوەندی هەڵەبجەو , ئامادەکردنی پرۆژەی بە سیستەماتیك کردن, راپۆر ت و پرۆژەی دیکەی پێویست بە مەبەستی خۆ سازدان بۆ کۆنفرانسی گشتی و سەرانسەری چاك ,کە پێشنیار دەکەین لەسەر خاکی کوردستان بەرێوەبچێت.

★ داوا لە گشت لقەکانی چا لە دەرەوەی وڵات کرا, کەوا هەڵمەتی کۆمەکی بۆ خێزان و کەسوکاری قوربانیانی کیمیاباران, ئەنفال و جینوساید دەست پێبکەن,لە رێگای هێنانی پرۆژەی خزمەتگوزاری و پەیداکردنی دەستە خوشك بۆ شاری هەڵەبجە و شارو شارۆچکەو دێهاتە زیان لێکەوتووەکانی دیکەی کوردستان

★ پێویستە لە پرسی دادگاییکردنی تاوانباران و کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکاندا, پرۆژەیەك بۆ قەرەبوکردنەوەی قوربانییەکانی کارەسات و مەینەتییەکان ئامادە بکرێت.

*ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد/ کوردستان*

**CHAK- KURDISTAN**
**2006 / 1/ 20**